ڕۆژنامەی ئاشتی

خاوەن ئیمتیاز: بورهان لەعزێی

سەرنووسەر: بارام وەلەحەبگی

ناونیشان: تاران س. پ ۹۹۱-۱۳۳۹۵

تەلەفون: ۰۵۳۴۸۳۸۱(۰۹۸۲۱)+ فاکس: ۰۵۳۴۸۱۸۰(۰۹۸۲۱)+

www.kurdistanir.com kurdistanir@kurdistanir.com

ئاشتی بەشێوەی کانی ،ڕۆژانی شەممە دەردەچێت

AŞTÎ

Yekemîn Rojnameyê Kurdî-Farsî Îran

تا خاکی لە خاچ دراوم

ئاو و ئاسمان و مێژوی دزراوم، نەسێنمەوە

لە سروشتی ئینسانیتان بە گومانم

لە هاوسێی، هاو ئایینی، بە ناسینتان

پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمانم

ڕەفیق سایبر

ڕۆڵەی ژان و تاپۆی جولجەتا

کورتە باسێک لەسەر فیلمی ئازارەکانی مەسیح

خەسرۆ پیربال

Pirbal@hotmail.com

ئەوهەست و خروشە هەڵجووم وەدەکوو خۆی ماوەتەوە ، لەگەڵ ئەوەش زیاتر لە هەفتا جار ئەو فیلمەم بینیوە، بەڵام ئاوەکوو ئێستاش بە بینینی دەمگەڕێنێت

ئەنتۆنیۆ بەندیرەز پێکان لەڕۆژنامەی USA Today

- **فیلم: ئازارەکانی مەسیح**
- **لەکتەر سەرەکیەکان: جیمس کاڤێزل / مایا مارگسێزم**
- **سیناریۆدەرهێنانی : بەهەدیک فیتچیگراد، میل گیسۆن**
- **ساڵ: ۲۰۰۴**

فیلمی ئازارەکانی مەسیح ، یەکێکە لەو دۆکومەنتە نوێنانەی کە سەرکەوتووانە باس لە حیکایەتی مەسیح دەکات، لە لایان میل گیسۆنەوە ساڵی ۲۰۰۴ بەرهەمهێنراوە، زمانی فیلمەکە، هەر یەکە لە زمانی ئارامیی یە کە زمانی ئەوکاتی مەسیحیەکان بووە، هەروەها ، زمانی لاتینیشی تێدا بەکارهاتووە.

ئازارەکانی مەسیح ، بەرجەستەکردنێکی واقیعی زۆر ڕاستەقینەیەی دووا ساتەکانی مەسیحە ، دەرهێنەر و نووسەرانی سیناریۆیەکە ، بەسوودوەرگرتن لە کتێبەکانی ئاینی وەبەتایبەتی کتێبی ئینجیل وەهەروەهاکتێبی تەوراتەوەز لە پێشهاتە نووسراوەکانی دیانەتی جولەکە بەکارهاتووە، هەموو ئەو تێکستە ئاینیانە باس لە هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر دەکەن ، باس لە وجودی کەسێک دەکەن کە چارەنووسەکەی هەروەکوو ئەو فیلمە نیشانی دەدات ، چارەنووسێکی تاڵ و ناخۆش و پڕئازار و خوێناوی ..

ئازارەکانی مەسیح ، یەکێک لە جوانترین بەرهەمی سینەمای ڕۆژئاوا ، لەسەر دووا ساتە ناخۆش و پڕئازارەکانی مەسیح بەرهەم هاتووە ، دیارە ئەوەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا جیادەکاتەوە لەگەڵ وڵاتان و میللەتانی تری دونیا، ئەو جوورئەتە گەورەیەیە لە بەرهەمهێنان و کارکردنی هونەری لەسەر ، کەسایەت و ڕەمزە پیرۆزانەیان ، هەتاوەکوو ئەو کەسە پەیامبەرێکی هێندە گرینگ بێت وەکوو مەسیح ! ، لەو بەرهەمەدا زۆر جوان و سەرکەوتووانە ، فیلمێکی پڕمانا و تەعبیریان بەرهەمهێناوە.

ئەوەی ئەو بەرهەمە سینەماییە جیادەکاتەوە لەگەڵ فیلم و دۆکومەنتەکانی تری ڕابردوو لەسەر هەمان مەسەلە ، ئەوەیە کە هەر لە بڵاوبوونەوەی ئەو فیلمە ساڵی ۲۰۰۴ ، لە ئاستی جیهانی ، وەبەتایبەتی جولەکەکانی ئیسرائیل و لەگەڵ ئەوانیشەوە لەئاستی فەرەمی ، حکومەتی ئیسرائیل ، زۆر ڕەخنەیان لە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە گرتووە ، بە گوێرەی ئەوانەوە ، ئەم بەرهەمە ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، جولەکەکانی تۆوکات ، واتە ساڵی ۳۰ میلادی ، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە سێدارەدانی مەسیح و ئازاردانی بەو شێوازە دڕندانە، وە هەروەکوو لە فیلمەکەدا ، نیشان لەڕێت ، زیاتر لە شوێنێکدا ، مەسیح لە تووڕەییەوە دەنواڕێتە پیاوانی ئایینی جولەکە و هەروەکوو ئەوەی کە بەدەستی ئەوانەوە ئازار بخوا و لە سێدارە بدرێت.

ئازارەکانی مەسیح ، ساڵی ۲۰۰۴ دیاردەیەکی زۆر گەورە لە جیهانی ڕۆژئاوادا، وە بڕیاریشە لە ئەمریکا وەکوو ئەرێنێکی ساڵانە ، هەموو ساڵێک لە جەژنی قیامەت ، ئەو فیلمە نیشان بدرێتەوە لە هۆڵەکانی سینەمای ئەمریکا، بە درێژایی ۱۰ ساڵ، هیچ فیلمێک بەقەدەر ئازارەکانی مەسیح ، خەڵکێی بۆ بینینی سەردانی سینەماکانیان نەکردووە لە ئەمریکا و لە ئەورووپادا .

دیارە ئەو ۱۲ کاتژمێرەی دووا ساتەکانی مەسیح ، زۆر وێنەی ناخۆش و خوێناوی بەهەمهێناوە ، لەئاستی ڕاگەیاندنیش ، دیسانەوە ئەو بەرهەمە سینەماییە ، ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنەی توند بوەتەوە، بەوەتاوانبارکراوە، کە زۆر لە وێنەی ئەشکەنجەو لێدان و خوێنی تێدایە ، کاریگەری خراپی هەیە لەسەر منداڵان و بینەراندا ، ئەو ڕەخنەو تێبینیانەبوو ، وای لە دەرهێنەر کرد، پاش ساڵێک دیسانەوە بە فیلمەکەدا بچێتەوە ، بە بڕینی شەش خولەک لە فیلمەکە ، ئەوەبوو ئێستا زیاتر لە ۷۵۰ هۆڵی سینەمای ئەمریکادا، دیسانەوە پێشکەش دەکرێت.

ئازارەکانی مەسیح ، جووانترین و نایابترین بەرهەمی سینەمایی ڕۆژئاوایە ، بە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە ، تێیدا حکایەتی ڕاستەقینەی ئایینی مەسیحیەت و پەیامە مرۆڤایەتیەکەی مەسیح ، بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بە تێکەڵەیەکی جوان و چێژ و خروشەخش بە بینەر ، لەزەوقێکی هونەری گەورە بەرهەمهاتووە، کە بەبڕوای من ، میللەتانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی لێیەوە مەحروومین .

سینەما ، پێشکەوتووترین شێوازی هونەر یەو لەزەوقێتیکی بێ سنووری هەیە بۆ مرۆف .

بەداخەوە ، لە کوردستان ، سینەماکانی وڵات ، هیچ گرینگیەک و ئامادەسازی و هەماهەنگیەکیان نیە لەگەڵ وڵاتانی تر و بەتایبەتی ئەورووپادا ، لە کوردستاندا ، لەگەڵ ئەوەش کەرتی تایبەت خاوەنی هۆڵەکانی سینەماکانن ، کەچی لە شارێکی وەکوو هەولێر کە پایتەختی کوردستانە ، ٤ هۆڵی سینەمامان هەیە ، کەچی جگە لەچەند فیلمێکی کۆنی هیندی و ئەمریکی و تووڕکی ، کە زیاتریان فیلمی سێکسین ، هیچ هەماهەنگیەیک نیە لەگەڵ وڵاتانی دەروەو و بەرهەمە نوێیەکانی جیهانی، جگە لەوەش ئەوانەی سەردانی بەردەوامی ئەو سینەمایانە دەکەن ، تەنها پیاو و گەنجەکانمانن ! مخابن ، میللەتی کوردستان ، لە لەزەوقی بینینی بەرهەمێکی هێندە کاریگەر و جوانی وەکوو ئازارەکانی مەسیح بێبەش مانوەتەوە .

فڕینی کیسەلەکان بەرەو ئاڵمان

ئاشتی: بەپێی هەواڵی گەیشتوو فیلمی «کیسەلەکانیش دەفڕێن» لە ٢٠ سینەمای ئاڵمانیدا ئێکران کرا. شایانی باسە ئەم فیلمە کە بەرهەمی دەرهێنەری توانای کورد، بەهەمەنی قوبادیە، تا ئێستە ئیناوبوویە بێ بە خاوەنی ٢٧ خەڵاتی نێوەنەتەوەیی. ئەم فیلمە باس لەو شەڕو کارەساتەی دەکاکە لە کوردستانی باشوور دا، باڵی بە سەر ژیانی خەڵکی ئەو ناوچەیە کێشابوو و هەروەها پەیامی سەرەکی ئەم فیلمە کارتێکردنی شەڕو لەسەر ژیانی ڕۆژانەی منداڵانی کوردستان. لە کۆتاییدا دەبێ بوترێ حکوومەتی هەریمی کوردستان یاریدەری قوبادی بووە لە دەرهێنانی ئەم فیلمەدا.

کونسێرتی گرووپی شەمس لە سلێمانی



پی.بیوو.کەی میدیا: لەسەر بانگهێشتی کەنالی کوردسات گرووپی شەمس بەسەر پرشتی هونەرمەند کەیخسرەو پورنازەری گەیشتە شاری سلێمانی بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆنسیرتێکی مووزیکی لەهۆڵی سلێمانی.گرووپی شەمس کەمبەیەکیک لەگرووپە بەناوبانگەکانی ئێران دادەنرێ، بەرهەمەکانیان لەهونەری مووزیکی سوفیگەری و عیرفانی و ئامێزە سونەتیەکان چڕکردۆتەوەو بەشداری چەندین فیستیڤاڵی جیهانیان کردووە لەوڵاتانی جیهاندا.

بڕیارە ئەم گرووپە چەندین بەرهەمی نوێ و ناوازە پێشکەش بەشەیدایان و عاشقانی هونەرەکەیان بکەن و نزیکەی ١١ ژمێنراو هونەرمەند بەشداری ئەو کۆنسیرتە دەکەن، لەوانە: سوهراب پورنازیری و ئەحمەدی پورنازیری و نەجمەی تەجەدوری هاوسەری بێژەن کامگارو نەدای خاکی لەم کۆنسێرتەدا بەشداربن.

پی.بیوو.کەی میدیا: لەسەر بانگهێشتی کەنالی کوردسات گرووپی شەمس بەسەر پرشتی هونەرمەند کەیخسرەو پورنازەری گەیشتە شاری سلیمانی بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆنسیرتیکی مووزیکی لەهۆڵی سلیمانی.گرووپی شەمس کەمبەیەکیک لەگرووپە بەناوبانگەکانی ئیران دادەنرێ، بەرهەمەکانیان لەهونەری مووزیکی سوفیگەری و عیرفانی و ئامێزە سونەتیەکان چڕکردۆتەوەو بەشداری چەندین فیستیڤاڵی جیهانیان کردووە لەوڵاتانی جیهاندا.

بڕیارە ئەم گرووپە چەندین بەرهەمی نوی و ناوازە پێشکەش بەشەیدایان و عاشقانی هونەرەکەیان بکەن و نزیکەی ١١ ژمێنراو هونەرمەند بەشداری ئەو کۆنسیرتە دەکەن، لەوانە: سوهراب پورنازیری و ئەحمەدی پورنازیری و نەجمەی تەجەدوری هاوسەری بێژەن کامگارو نەدای خاکی لەم کۆنسێرتەدا بەشداربن.

بێبەشکردنی خوێندکارانی کورد لە مەراسیمی ڕۆژی نێودەوڵەتی بە بیانووی ئەوەی وڵاتێک بەناوی کوردستان نییە

کوردیش میدیا: بەکەتی خوێندکارانی زانکۆی لیابۆرۆ لە ئینگلتەرا ، ڕۆژێکیان ئاماده کردووە کە بە ناوی ڕۆژی نێونەتەوەیی و بەو بۆنەیەوە مەراسیمێک ئەنجام دەدەن کە تێیدا بە شێوەیەک لە شێوەکان هەموو ئەو خوێندکارانەی خەڵکی وڵاتێکی دیکەن ، لەم زانکۆیە بەشداریی تێدا دەکەن،بەڵام ڕێگا بە خوێندکارانی کورد نادەن بەشداری لەم مەراسیمەدا بکەن، چونکە کورد وڵاتیان نییە.

شیانی باسە زانکۆی ناوبراو چەندین خوێندکاری کوردی تێدایە و لەوێ خەریکی خوێندنن ، بەڵام ئەوا بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێت کە خوێندکارە کوردەکان لەلایەن یەکەتی خوێندکارانیی ئەو زانکۆیە ڕێگایان پێنادرێت بەشداری لەم ڕۆژەدا بکەن ، بیانووەکەشیان ئەوەیە کە کوردستان وڵات نییە.

یەکەتی خوێندکارانی زانکۆی لیابۆرۆ ماوەی دوو ساڵە ئەم بڕیارەی داوە کە ئایێت خوێندکارانی کوردبەشداری ئەم ڕۆژەبکەن لەبەر ئەوەی کوردستان وڵات نییە و ، هەروەها یەکەتی ناوبراو ئەوەشیان بڵاوکردۆتەوە کە هیچکام لە خوێندکارانی کورد پاسپۆرتیان نییە لەسەری نووسراینێت کەوا خەڵکی کوردستانن . جا لەبەر ئەوەکوردناتوانن بەشداری ئەم ڕۆژەیەکەن.

خوێندکارانی کوردیش نارەزایی خۆیان دەربڕیوە و لە خوێپشاندانێکدا گوتیان : بۆچی فەلەستینیەکان مافی بەشداریکردنیان هەیە ، بەڵام ئێمەی کورد نا؟

لەبەرامبەریشدا سەرپەرشتیارانی ئەم ڕۆژە وەڵامیان دابوونەوە و پێیان گوتبوون : «لەبەر ئەوەی فەلەستین وڵاتە ، بەڵام کوردستان وڵات نییە».

لەم بارەیەوە سۆران بروسکە خوێندکارێکی کوردە لە زانکۆی ناوبراو گوتی : «ئێمە ڕۆژ نیگەرانین بەم بڕیارە ، ئێمە دەزانین کە وڵاتمان نییە ، بەڵام ئێمە نەتەوەیین و کەلتوور و زمان و مێژووی خۆمانمان هەیە و هیوادارین یەکێتی خوێندکاران ئەم بڕیارە ڕەت بکەنەوە و بڕیارەکە بگۆڕن ، تا بتوانین ئێمەش وەکو خوێندکارانی وڵاتانی دیکەی جیهان بەشداری ئەم ڕۆژەبکەین».

هەروەها خوێندکاری ناوبراو ئەوەشی گوت : «کێ دەزانێ لەوانەیە ڕۆژێک دابێت کوردستان ببێتە وڵات».شایەنی باسە بڕیارە مەراسیمەکە لە بارەگای یەکێتی خوێندکارانی زانکۆی نێوبراو بەڕێوەبچێت.

ئەرکی قورسی ڕۆژنامەوان

بەبۆنەی یادی ١٠٧ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی سمکۆ محەمەد سەرنووسەری هەفتەنامەی دەنگ، سەرەتا لە لەبارەی هۆکارو ئامانجی دروست بوونی ڕۆژنامەی ئەملی پرسیارمان کرد و ئەویش گوتی: بەدرێژایی ئەمەنی ڕۆژنامەگەری کوردی، حزبە ستراتیژو سنیلی ئامانج و ئاراستەی ڕۆژنامەکانیان دیاری دەکرد و ئەو ڕۆژنامەوسانە کە کاریان تیا دەکرد، بەو ئاراستە سیاسی و ئایدۆلۆژیەدەڕۆشتن کە حزبی قبوڵی بووبو تەرحی کردبوو، پاشان لەدوای (١٠) ساڵ بەسەر ڕابەرین دا، تەجروبەیەک هاتە ئاراوە کە ئەوتەجروبەیە بەو ئەنجامە کەلێنەی پڕکردەوەکەدەبێ ڕۆژنامەیەک هەبێ لەدەرەوەی حزب و ئایدۆلۆژیا و سیاسەت بەمانا مرجەردەکەی، ئەم پرۆژەیە لەبەر ئەوەی هاوهەمرەجی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی ئێمە وا ئەگونجێت کۆسپ زیاترەلەو زەمینەدا و هەروەها زەمینەیەکی لەبار لەئارادانیە، بۆیە بەتیوانی سەدلەسەد ئەنجامەکانی بیێکی، بەڵام شتێکی زۆر گرنگی کرد کە ئەویش ئەوەیە کە خوێنەری کورد بە درێژایی ئەو ئەمەنە بڕیوە لە ڕۆژنامە، جارێکی دیکە ئومێدی پێی بەخشی و بووە بە هاورێی ڕۆژنامە.

ڕۆژنامەی وەکو پێناوایستەیکی ڕۆژانەی ژیان تەماشاکرد، کە بێ گومان ئەمەیەکێ لە خاڵە پرشنگدارەکانی ئەو پرۆژەیە بوو کە من بۆ خۆم تەجروبەم تیایەتی، هەروەها وای کرد کە خوێنەر موعانەتەکانی خۆی بخاتە ڕوو، وەک چۆن پێویستی بە پۆلیسە، ئاواش پێویستی بە ڕۆژنامەیە، چونکە ڕۆژنامە وەک دەسەڵاتەکانی دیکەی تەشریعی و تەنفیزی و فەزایی واخێری تەرح کردەکە دەسەڵاتێکی دیکەیەو ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

لە وڵامی ئەوەی کە جیاوازی هەیە بتوان ڕۆژنامەی ئەملی وەرۆژنامەی حیزبی و هەروەها جیاوازی بتوان لە ڕۆژنامەنوسی حیزبی و ڕۆژنامەنووسی ئەملی دا گوتی ئەوەی کەڕۆژنامەی ئەملی ئازادو حیزبی لە یەک جیا ئەکاتەوە، ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسی ئەملی ئازاد ئەم ڕۆژنامەنووسەیە کە جاتاکەی بەشانیەوەیە دەروڵا گەرۆکەو ئیلتزام و سەقفێکی زەمەنی بۆ دەوام کردن و بەرهەمی هەیە، لە خەمی خەڵکدایە، لەدەوەوەی هەموو ئەو بازنانەدایە کە هەیە، هەروەها لەیەک کایە ناسووڕێتەوە بەڵکو تەواوی کایەکانی دیکەش لەخۆی ولیسەت کردووە، یانی ڕۆژنامە سەنعەتە، سەنعەتێکە لەتێو سەنعەتەکانی سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا کار دەکا، هەندێ شتی دیکەش هەن کە پێوەندی بە خودی ڕۆژنامەنووسەوە هەیە کە ئێا تا چەند ئازایە و توانای هەیەو لەکایانەدا دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ؟ بەڵام ڕۆژنامەنوسی حیزبی هەمیشە چاوەڕێی ئەوەیە کە نوسراوێکی لەلایەن حیزبەوەبۆ بێت و بڕوات بە دوایدا و جگە لەمەش هەمیشە لە بادەیتی زیاتر ئاگای لە خۆیەتی لە هەڵەنەکا بەرانبەر حزب و داب و نەریت و کۆمەڵگاو دام ودەزگا حکومەیەکان، ئەمە کارێکی زیاتر وزیفیە ئەوەک کاری ڕۆژنامەنووسی کاری ڕۆژنامەنووسی. وشیارکردنەوەی خەڵکە، دەرخستنی فسادی کۆمەڵایەتی و حکومیە، هەواڵ زیندوو دەکاتەوە، بەدوای مافی هاوڵاتیەکدا دەچێ، خەڵک دەهێنێتە گۆ، ئەم جیاوازیانە لەتێوان ڕۆژنامەنووسی حیزبی و ئەملی ئازادما بە زەقی دیارە، بێ گومان ڕۆژنامەنووسی ئەملی ئازادیش هەمیە کە ترسنۆکە، لە پێتاو بەرژەوەندی شەخسی خۆیدا پرۆژەیەک لەبار ئەما، تاشیرینی ئەکەن یان بەڵاریدا دەمێن، پەنجە بۆ کەس نیە، ئێمە دووشمنال تێکەل کردووە، بەتەجروبەی خۆم، ئێمە لەتێوکەرتی تایبەت بوین و بەڵام بە دیوێکی دیکەیدا فورمێکی دیکە هەبوو کە کاری دەستەجمعی بوو، کاری دەستەجمعی کارێکە زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک نغەیەتی زۆر جیاوڕ بەبەکەوە لەتێو پرۆژەیەکدا کار دەکەن بەهەموو تەناقوز کەوە دەبێ یەکتری قبوڵ بکەن بۆ ئەوەی پرۆژەکەبەر بنوپجێ، کاری دەستەجمعی لەکارێکی شۆڕشگێڕانە دەچێ ، لە نێو ئابووری لەتێو سیاسەت و کۆمەڵایەتی و کەلتوور کایەکانی دیکە... کاتێ ئەمە ئەکەیت بیر لەوە ناکەیتەوە کەبەمەئمەی بەپشت یان خۆتی پێی ئەڕۆیوێنی یان ئاوی پێی دەڕۆکەی، بەڵکو بیر لەوە ئەکەیتەوە کە کۆمەڵگا هۆشیار بکەیتەوە. هەڵبەتە ئەمە تەجروبەیەک بوو پێویستە سودی لێی ببینرێ، بۆ ئەوەی تەجروبەی خراپتر دروست نەبێت، کێشەکان وانەکاکە ڕۆژنامەنوس وەکو خوێنەری پێشو کە لەبەرانبەر ڕۆژنامەی حیزبی ڕاوەستابوو، بێ ئومێد بێت. کاری دەستە جمعی زۆر جیاوازی هەیە لە کاری کەرتی تایبەت ، چونکە کەرتی تایبەت ووک کۆمپانیایەک وایە گەر پرۆژەکە توشی شکەست هات، لەوری ئابوریەوە ئالوێت پارەی بۆ پەیابکەیت، هیچ پێوەندیەکی بەوەوە نیە، بەڵکو گەر سەرکەوت ئەم کارە دەکاو موچەی خۆی وەردەگرێ و گەر سەریش نەکەوت عەقدەکەی هەڵدەوەشێتەوەو دەچێتە دەرەوە.

بەڵام تۆ ڕۆژنامەنوسێکی لەناو کارێکی دەستە جمعی کار دەکەی بەناو کەرتی تایبەتەوە، پارەی بۆ پەیدا دەکەی، جوانتری دەکەی، هەوڵی جدی بۆ دەدەی، ڕیسک ئەکەی، دەبێ ئەمەلەبەرچاو بگیرێ، لێرەدا دەبێ ڕۆژنامەنووس هەوەیەی خۆی هەبێ، بەپێی هەوەیەی خۆی کار بکا، دەبێ بڵێ من موزەف نیم لە تێو ئەم کەرتی ئەهلیدا، لەتێو ئەو سیاسەتەی کەدایلدەنێی و لە تێو ئەو سنیلەی کە تودانتاوەولە تێو ئەو ستراتیژەش کە تۆ دانتراشتوو من بەم پێیە کار دەکەم، هەڵبەتەبەشێک لەمە قبوڵ دەکا بەڵام دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوەندە ئازادیێت کە بتوانێ ئیداع بکا، شتی مەئلوف نەکا، جگە لەمەش لەتێو کەرتی تایبەتدا ڕۆژنامەنووس دەبێ زەمانەی کۆمەڵایەتی، زەمانەی سیاسی و گوزەرانی هەبێ، بەڵام ئێمە کارمان کرد، زەمانەی کۆمەڵایەتمان نەبوو، زەمانەی سیاسیمان نەبوو، زەمانەی گوزارانمان نەبوو. هەروەها ئەوە جگە لەو هەموو کێشەدەرونی نەفسیانەی کەبۆیان دروست دەکردین.

ڕاناکێشم بەڵام ئەمە ئەزانم کە ئەم ئەخوشیە زۆر لە ئەخوشیەکەی دیکە خراپترە.

ئابوراڤ لەمرێژەی قسەکانیدا لەبارەی چۆنیەتی گەشەکردنی ڕۆژنامەی ئەملی و هەروەها جیاوازی تیوان ڕۆژنامەی ئەملی کەرتی تایبەت و کاری دەستە جمعی گوتی: لەراستیدا کەباسی ڕۆژنامەگەری ئەملی دەکەین دەبێ باسی کەرتی تایبەت بکەین. کەرتی تایبەت یانی ئەو فەنتەی کەلە پێش ئەوکەرتەوەیە. ئەم سەقفەی کە دیاری کراوە بۆ درێژەدان بە ئەمەی ئەم پرۆژەیە، دەبێ تەواو کەرتی تایبەت بێت، کەرتی تایبەت کاری جەماعی نیە، ئێمە دووشمنال تێکەل کردووە، بەتەجروبەی خۆم، ئێمە لەتێوکەرتی تایبەت بووین و بەڵام بە دیوێکی دیکەیدا فورمێکی دیکە هەبوو کە کاری دەستەجمعی بوو، کاری دەستەجمعی کارێکە زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک نغەیەتی زۆر جیاوڕ بەبەکەوە لەتێو پرۆژەیەکدا کار دەکەن بەهەموو تەناقوز کەوە دەبێ یەکتری قبوڵ بکەن بۆ ئەوەی پرۆژەکەبەر بنوپجێ، کاری دەستەجمعی لەکارێکی شۆڕشگێڕانە دەچێ ، لە نێو ئابووری لەتێو سیاسەت و کۆمەڵایەتی و کەلتوور کایەکانی دیکە... کاتێ ئەمە ئەکەیت بیر لەوە ناکەیتەوە کەبەمەئمەی بەپشت یان خۆتی پێی ئەڕۆیوێنی یان ئاوی پێی دەڕۆکەی، بەڵکو بیر لەوە ئەکەیتەوە کە کۆمەڵگا هۆشیار بکەیتەوە. هەڵبەتە ئەمە تەجروبەیەک بوو پێویستە سودی لێی ببینرێ، بۆ ئەوەی تەجروبەی خراپتر دروست نەبێت، کێشەکان وانەکاکە ڕۆژنامەنوس وەکو خوێنەری پێشو کە لەبەرانبەر ڕۆژنامەی حیزبی ڕاوەستابوو، بێ ئومێد بێت. کاری دەستە جمعی زۆر جیاوازی هەیە لە کاری کەرتی تایبەت ، چونکە کەرتی تایبەت ووک کۆمپانیایەک وایە گەر پرۆژەکە توشی شکەست هات، لەوری ئابوریەوە ئالوێت پارەی بۆ پەیابکەیت، هیچ پێوەندیەکی بەوەوە نیە، بەڵکو گەر سەرکەوت ئەم کارە دەکاو موچەی خۆی وەردەگرێ و گەر سەریش نەکەوت عەقدەکەی هەڵدەوەشێتەوەو دەچێتە دەرەوە.

بەڵام تۆ ڕۆژنامەنوسێکی لەناو کارێکی دەستە جمعی کار دەکەی بەناو کەرتی تایبەتەوە، پارەی بۆ پەیدا دەکەی، جوانتری دەکەی، هەوڵی جدی بۆ دەدەی، ڕیسک ئەکەی، دەبێ ئەمەلەبەرچاو بگیرێ، لێرەدا دەبێ ڕۆژنامەنووس هەوەیەی خۆی هەبێ، بەپێی هەوەیەی خۆی کار بکا، دەبێ بڵێ من موزەف نیم لە تێو ئەم کەرتی ئەهلیدا، لەتێو ئەو سیاسەتەی کەدایلدەنێی و لە تێو ئەو سنیلەی کە تودانتاوەولە تێو ئەو ستراتیژەش کە تۆ دانتراشتوو من بەم پێیە کار دەکەم، هەڵبەتەبەشێک لەمە قبوڵ دەکا بەڵام دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوەندە ئازادیێت کە بتوانێ ئیداع بکا، شتی مەئلوف نەکا، جگە لەمەش لەتێو کەرتی تایبەتدا ڕۆژنامەنووس دەبێ زەمانەی کۆمەڵایەتی، زەمانەی سیاسی و گوزەرانی هەبێ، بەڵام ئێمە کارمان کرد، زەمانەی کۆمەڵایەتمان نەبوو، زەمانەی سیاسیمان نەبوو، زەمانەی گوزارانمان نەبوو. هەروەها ئەوە جگە لەو هەموو کێشەدەرونی نەفسیانەی کەبۆیان دروست دەکردین.

سەرچاوە: پەیامنێر

دایپەرەم تورکیای شەرمەزارکرد

پەیامنێر: کتێبی (دایپەرەم) کەلە نووسینی ژنە نووسەری تورکی (فەتحیە چەتین) ە ڕۆمانێکە ، باس لە تاریکترین مێژووی تورکیا دەکات لە سەردەمی فەتلو عامی ئەرمەنەکان لە دەورو بەری شەری یەکەمی جیهانیدا.کتێبەکە باس لە ئافرەتێک دەکات لە تەمەنی نۆ ساڵیدا ، سەربازانی تورک دەبینێ کە چۆن گوندەکەیان کە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادایە داگیر دەکەن و پیاوەکان سەردەبڕن و ئافرەتانیش ئاچاردەکەن بەرەو شام بڕۆن ، زۆربەی خانەوادەی ئەم ئافرەتە بە هۆی نەخۆشی و برسێتی لە ناودەچن .ئەم کتێبە ئەگەرچی خەسڵەتێکی مرۆڤانە بەسەر ڕووداوی فەتلو عامی ئەرمەنیدا دادەدات ، بەڵام بۆ تورکەکان بە ئازار بەخش دادەنرێت.

ئاگاداری

دوازدەهەمین جەشنوارەی ڕۆژنامەگەری ئێران

١٤ تا ٢٤ی گولان

ڕۆژنامەی ئاشتی بە چاوەڕوانی ئێوەی ئازیز لە ساڵونی ژمارەی ٢ غورفەی ئاشتی دەکات